ئەدەب و کولتوور ڕووداو

# لە ئامەد سێ کتێبی نوێی شیعری ژنان بڵاوکرانەوە




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

لە ئامەدی باکووری کوردستان سێ کتێبی نوێی شیعری بە زاراوەی کرمانجی سەروو کە لەلایەن ژنانەوە نووسراون، بڵاوکرانەوە.

کتێبە شیعرییەکان لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی `J&J` چاپ و بڵاوکراونەتەوە. ژنە شاعیرەکان: سوڵتان یارا کتێبی (بێ تە)، زۆزان گوڵان (ئاژەرۆ) و ڕەشێ (سەمفۆنیا خەون و خەیالان) بۆ جاری یەکەمە کتێبی بەرهەمە شیعرییەکانیان چاپ دەکەن.

کتێبە شیعرییەکەی سوڵتان یارا بەناوی (بێ تە) لە 126 لاپەڕە پێکهاتووە. کتێبە شیعرییەکەی زۆزانیش لە 72 لاپەڕەی مام ناوەندی پێکهاتووە، هەروەها کتێبە شیعرییەکەی ڕەشێ لە 129 لاپەڕە پێکهاتووە.

# چوارەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ شانۆی مۆنۆدراما دەستی بەکار کرد




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

چوارەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ شانۆی مۆنۆدراما، دوێنێ یەکشەممە دەستی بەکارەکانی کرد.

هیوا سوعاد، بەڕێوەبەری سینەما و شانۆ لە وەزارەتی ڕۆشنبیری بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەم فێستیڤاڵە بۆ برەودانە بە شانۆگەریی کوردی، بەتایبەت مۆنۆدراما و بەرزکردنەوەی ئاستی ئەکتەر و دەرهێنەرانی کورد کە ئاشنا دەبن بە ئەزموونی وڵاتانی دیکە".

لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان هونەرمەندان لە هەموو پارێزگاکانەوە بەشدارن و لە وڵاتانی مەغریب، لوبنان و میسر و ئێرانیشەوە هونەرمەندان بەشداری فێستیڤاڵەکەن.

هیوا سوعاد گوتیشی: "دەمانەوێ هونەرمەندانی عەرەبی و ئێرانی ئاشنابن بە ئاستی شانۆی کوردی. ڕۆژانەش دوو شانۆگەری پێشکەش دەکرێن".

چوارەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ شانۆی مۆنۆدراما، ڕۆژی یەکشەممە 21ی نیسان دەستی بەکارەکانی کرد و تاوەکو 25ی نیسان بەردەوام دەبێت.

# کەمال سەعدی ڕۆمانی چێژ بڵاودەکاتەوە

■ ئا: سەرباز سیامەند




نووسەر و ڕۆماننووس کەمال سەعدی، ڕۆمانێکی نوێ بەناوی (چێژ) بڵاودەکاتەوە.

کەمال سەعدی، ئاماژەی بە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە کرد کە لە 256 لاپەڕە پێکهاتووە و لەوبارەوە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "پاڵەوانی ڕۆمانەکە کەسێکی ڕۆمانسییە، مامۆستا بووە لە گوندێکی کوردستان، سەرەتای خۆشەویستی لەو گوندەوە دەستپێکردووە، بەڵام بەهۆی بیروڕای سیاسی بۆ باشووری عێراق دوورخراوەتەوە. لەوێش ئەفسەر و پلە باڵاکانیان لە کوردستان شەڕی کوردیان کردووە، ئەویش لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە خانمبازییان کردووە لە تۆڵەی هێرشی ڕژێمی ئەوکات بۆ سەر کوردستان".

گوتیشی: "بەڵام لەمیانی ڕۆمانەکەدا هەندێک کارەکتەری لاوەکی هەن کە هەریەک بە پاڵنەرێکی جیاواز خەریکی خانمبازین. ڕۆمانەکە لە زاری کەسێکەوە دەگێڕدرێتەوە، بە ڕاناوی منی هەمووشتزان دەستپێدەکات و دەگەڕێت بەدوای کەرەستەی خانمبازی و پەیوەندی دەکات بە کۆمەڵێک خانمبازەوە و بەنیازی کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی خانمبازان. گێڕەرەوەکە دەڵێت من مەبەستم ڕۆمانێک بوو نەک ئەوەی بێمە دونیای خانمبازییەوە.

کەمال سەعدی، ساڵی 1956 لە گوندی ئامۆکانی سەر بە قەزای هەریر لە دایک بووە، تاوەکو ئێستا 40 کتێبی بە چاپ گەیاندووە کە 30 لەو کتێبانە بە زمانی عەرەبین. ڕۆمانی چێژ پێنجەمین ڕۆمانیەتی و ڕۆمانێکی دیکەشی بۆ چاپ ئامادەیە.

# لە ئامەد حەوتەمین فێستیڤاڵی شانۆ بەڕێوە دەچێت

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

بەڕێوەبەرایەتی شانۆ لە شاری ئامەد، حەوتەمین فێستیڤاڵی شانۆیی لەو شارەی باکووری کوردستان ساز دەکات.

فێستیڤاڵەکە بە دروشمی (حەقیقەت ئازاد دەکات) لە ڕۆژی 26ی نیسان دەست بە کارەکانی دەکات و تاکو 5ی ئایاری 2019 بەردەوام دەبێت و گرووپە شانۆییەکان لە ئامەد، وان، ئیستەنبوڵ و مەهاباد بەشدار دەبن.

فێستیڤاڵەکە لە هۆڵی چاند و کۆنگرەکانی شارەوانی گەورە شارەوانی ئامەد بەڕێوە دەچێت.

هەروەها لەمیانەی کارو چالاکیەکانی حەوتەمین فێستیڤاڵی شانۆیی ئامەد دیاری بیرەوەری محەممەدئەمین یاڵچین کایای شانۆکار پێشکەشی ئەوانە دەکرێت کە لەگەڵ ئەودا کاریان کردووە.

یاڵچین کایای شانۆکار ساڵی ڕابردوو کۆچی دوایی کرد.






## نامە ئەکادیمییەکان

# وشەی زمانی کوردی و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی

هەرێم عوسمان



مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی

ئەمە نامەیەکی ماستەری (عوسمان کەریم)ە، بە سەرپەرشتی (پ.د. فاروق عومەر) ساڵی (2014) پێشکەشی کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە.

نامەکە بە میتۆدی وەسفی شیکاری نووسراوە و لە سێ بەشی هاوئاهەنگ بەیەک پێکهاتووە. سەرەتا فەرهەنگی زمان و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی، دواتریش ڕۆڵی زاراوە لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان و لە کۆتاییشدا ڕۆڵی دیالێکتەکانی زمانی کوردی لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگەکە خراوەتەڕوو.

یەکەم: فەرهەنگی هەر زمانێک هەموو ئەو وشە نووسراو، نەنووسراو، گوتراو، نەگوتراو، ماو و لەناوچووانە لەخۆدەگرێت کە زمانەکە خاوەنیەتی، بەڵام فەرهەنگی زمان داخراو نییە و هەتا وشەکانی زیاد بکات فەرهەنگەکەش گەشە دەکات، چونکە کەرەسەی سەرەکی فەرهەنگی زمان وشەیە. وشەش سێ تایبەتمەندی هەیە:

1ـ وشەکان جێگیر نین.
2ـ وشەی نوێ لە هەموو کات و بارودۆخێکدا دروست دەبێت.
3ـ وشە کۆن و سواوەکان ڕووبەڕووی ونبوون و لەناوچوون دەبنەوە.

یەکێک لە پێوەرەکانی زمانی زیندوو ئەوەیە کە بۆ هەر شت، بیر، چەمک و داهێنراوێکی نوێ وشەی هەبێت؛ کە ئەمە لە واقیعدا کەم و دەگمەنە، بۆیە زمانەکان پەنا بۆ قەرزکردنی وشە یان وەرگرتنەوە و دروستکردنی وشە دەبەن. چەند ڕێگایەک بۆ سازکردنی وشەی نوێ هەن لەوانە:

1ـ ڕێگای ناوخۆیی، بە پشتبەستن بەو یاساو ڕێسا کۆنانەی کە زمانەکەی پێ ساز بووە، هەر وشەیەکی نامۆش کاتێ دروست دەبێت، بە ئەستەم وەردەگیرێت؛ بەڵام گەر ڕۆیشت و بەکارهات، ئەوا فەرهەنگی زمانەکە دەوڵەمەند دەکات.

2ـ بەیارمەتی دەرەکی، وەک قەرزکردن و وەرگرتنی لە زمانی دراوسێ و جیهانی.

3ـ نیۆلۆگیزم-وشەی نوێباو، کە بۆ مانایەکی ناسراوی دانەیەک لە زمان بەکاردەهێنرێن و هێشتا نەبوونەتە وشەیەکی تەواو چالاک، ئەم وشانە بەهۆی پێویستی لە بوارە جیاوازەکاندا دێنەئاراوە.

لەڕووی چالاکی وشەکانەوە و بەپێی چەسپاوی و نەچەسپاوییان، فەرهەنگی زمان لە (فەرهەنگی گشتی و بنەڕەتی) پێکدێت، بنەڕەتی بەشێکە لە گشتی و کۆی ئەو وشانە دەگرێتەوە کە هەن؛ بۆیە فەرهەنگی بنەڕەتی بە وشە ڕەسەن و هاوئاهەنگ بە فۆنەتیکی زمانەکە دادەنرێت و یەکێکیشە لە بنەماکانی جیاکردنەوە و دۆزینەوەی پەیوەندی خزمایەتی نێوان زمانەکان، بۆ نموونە بەپێی ئەم فەرهەنگە دەتوانین باسی خزمایەتی زمانی کوردی و فارسی بکەین. فەرهەنگی بنەڕەتی ڕۆڵی لە دەوڵەمەندکردن و پاراستنی زماندا هەیە، چونکە جێگیر و چەسپاوەو بواری سازبوونی وشەی نوێ دەدات [نووسەر، بیسەر، بینەر..]، ئەم فەرهەنگە لەسەر بنەمای فیڵدە لێکسیکیە جیاوازەکانی وەک: جێناوی سەربەخۆ، پرپیۆزشن [لە، بۆ، بە..] و ژمارە، ئامرازەکانی بەستن [بەڵام، بەڵکو..]، ئەندامی لەش و خێزان، دیاردە سروشتی و گەردوونییەکان..تێبینی دەکرێت؛ بۆیە موڵکی تاکەکەس نین. دواتر توێژەر باسی دوو ڕێگەی سەرەکی بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان دەکات، یەکیان ڕاستەوخۆیە کە زۆرتر فەرهەنگی بنەڕەتی ڕۆڵ دەبینێت، لەوانە: دارشتن و لێکدان، ناڕاستەوخۆش لە ڕێگەی وەرگرتن یان وەرگێڕانەوە کە دەچێتە ناو فەرهەنگە گشتیەکەوە. وشەکانی (فەرهەنگی گشتی) ڕەگەزی بنەڕەتی پەیوەندییەکانی مرۆڤ پێکدەهێنن و ئاستی هۆشیاری قسەکەریش دەردەخەن، تێکڕای وشە لای قسەکەری پێگەیشتووی زمانێک لەنێوان (45000 – 60000) وشە دەبێت کە لە شوێنێکی مێشکدا هەڵگیراون و لەکاتی دەربڕیندا بەکاریان دەهێنین. توێژەر باسی دەوڵەمەندیی زمان دەکات لە ئاستی فۆرمدا کە [هاوواتا] دروستدەکات و نیشانەی دەوڵەمەندیی زمانە، لەگەڵ واتا کە [هاوبێژیو فرەواتایی]لێدەکەوێتەوە. ئەو 11 ڕێگە بۆ دەوڵەمەندکردنی زمان دەخاتەڕوو، لە کۆتاییشدا باسی پەیوەندی ناو و ناولێنراو بەپێی تیۆرەکانی واتا و جیاوازی زمان و دیالێکت دەکات.

دووەم: زانستی زاراوە، ئەو زانستەیە لە پەیوەندی نێوان چەمکە زانستییەکانو ئەو فۆرمە زمانیانەی کەوا دەبنە دەربڕیان دەکۆڵێتەوە، بۆیە پەیوەندییەکی پتەوی بە فەلسەفەی ناونانی شتەکانی دەوروبەرمانو سەرجەم زانستەکانەوە هەیە؛ چونکە ناونان بنەمایە. چەمکو زاراوەش دوو ڕووی یەک دراون، چەمک: کە پێکهاتەیەکی هزری و بابەتیە، یان نواندنێکی بیرۆکەییە بۆ شتێک؛ ئەم پێکهاتە و بیرۆکەیە بە زاراوە دەردەبڕدرێت. زاراوەسازی نوێ هەوڵی تایبەتکردنی زاراوەکانی داوە؛ کە زاراوەیەک زیاتر لە چەمکێک دەرنەبڕیٚو چەمکێکیش بە زیاتر لە زاراوەیەک دەرنەبڕدرێ، تا لە دیاردەی هاوبێژیو هاووتایی دەربازبن [فرمان-کردار یان زمانناسی-زانستی زمان]ئەمانە دوانەیینو پێویست نین. لێرەوە گرنگی زاراوە بۆ هەموو داهێنانە نوێیەکان تێبینی دەکریٚو فەرهەنگی زمانیش دەوڵەمەند دەکەن. تایبەتمەندیەکانی زاراوە ئەوەیە: ڕێککەوتن لەسەر ئەو زاراوەیە بۆ ئەو شتە دروست بێ. لە تەمومژ بەدووربێ. زاراوە وەک وشەی گشتی بەهۆی دەوروبەرەوە دیاری نەکراوە، بەڵام خاسیەتی لەجیهانی زاراوە دیاریکراوە و لە زانستی زاراوەشدا [تێرمینۆلۆجی] لێکدەدرێتەوە. زاراوەی سادە لە لێکدراوەکان پەسەندترن، ئەگەر وشەیەک بوو بە زاراوە [بەزۆری] لە ئیدیۆم دوورە پەرێز دەبێت. جێ لەقکردن لەزاراوەدا کەمترە، چونکە پەرژین بەدەوریدا کێشراوە؛ هەروەها ئەنالۆژیا لە زاراوەدا گرنگە و تەمەنی زاراوەش بەندە بە ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵو تەمەنی ئەو زانستەی زاراوەکەی تێدایە.

دواتر توێژەر باسی لەدایکبوونی زاراوە دەکات کە بریتیە لە دانان یان داتاشینی زاراوەیەکی نوێ بۆ دەربڕینی چەمکێک؛ بەپشتبەستن بەو یاساو ڕێسایانەی لە زمانەکەماندا هەن، ئەمەش ڕەگەزێکی نوێ لە ڕێگەی دوو فۆمەوە دەهێنێتە ناو فەرهەنگی زمانەوە: فۆرمسازی ڕاستەوخۆ: بە دانانو داتاشین یان بەکۆکردنەوەی ڕەگەزەکانی کە لە زمانەکەدا هەن و فارابی «بە داهێنەری نوێ»ناوی دەبات: ڕۆژ+ژمێر>ڕۆژژمێر.. کات+ژمێر>کاتژمێر> کاژێر. هاتن+ (و)+چوون> هاتوچۆ.

فۆرمسازی ناڕاستەوخۆش، بەخشینی واتایەکی نوێیە بە وشەیەکی بەکارهاتووی زمانەکە، بۆ نموونە زمان وەک پارچە گۆشتێک لە دەمدا، پەڕیوەتەوە بۆ زانستی زمانو واتایەکی فراوانتری وەرگرتووە یان ڕەگی درەخت بۆ ڕەگی دانو لە ددان پزیشکیو ڕەگی کردار لە زانستی زمانیشدا بەکاردەهێنرێت. لەبەرئەوە زۆر بە ئاسانی وشەی فەرهەنگی گشتی دەگوازرێتەوە بۆ فەرهەنگی تایبەتی [بەپێچەوانەشەوە ڕوودەدات-دراوی ساختە، گورچیلەی دەستکرد..]و پەرژینی بەدەوردا دەکێشریٚو بەواتای جیاواز بەکاردەهێنرێت؛بەڵام هەر پەیوەندییان پێکەوە هەیە.

دواتر باسی کێشەکانی زاراوەی کوردی کە دوانیو فرەییە هاوشانی فرەیی زاراوەساز، واتە چەند فۆرمان بۆ یەک چەمک هەیە، کێشەکەش زۆری دیالێکتەکانو فرە زاراوەسازی ناپسپۆرە کە پێویستە لیژنەی پسپۆر ئەم کارە بکات. هەروەها گرنگە شێوەی نووسینی زاراوەی بیانی بەپێی فۆنەتیکو ڕێنووسی زمانەکە بێت؛ ناکرێ چۆن وەرگیراوە ئاوا بنووسرێ [قەڵەم-القلم]. هەروەها کێشەی زمانی کوردی دوو یەکگرتوویە لە نووسیندا:

وەزارەتی خوێندنی باڵا یان تەندروستی ـ وەزارەتا خواندنا بلند یان ساخلەمی...و هتد

ئەم دوو زاراوەییە دەشێ لە ئاکامدا بەرەو دوو زمان بڕوات.

یەکێکی دیکە لە کێشەکان، پێناسەنەکردنو ناڕوونیی زاراوە نوێو وەرگیراوەکانە، تا ڕێگە لە هەڵە بەکارهێنانو بۆ مەبەستی جیاواز بەکارهێنانی بگیرێت.

توێژەر لەباسکردنی دەوڵەمەندکردنی زاراوەدا دەڵێ، ئەو ڕێگایانەی وشەی پێ ساز دەکرێ، بۆ زاراوە دروستکردنیش دەبێت؛ کە جگە لە پسپۆڕانی زمان، پسپۆڕانی زانستەکانی دیکەش بەشدارن؛ ئەمەش هەندێک لەو ڕێگەیانەیە کە لەسەرجەم زمانەکانی جیهانیشدا پەیڕەو دەکرێن:

1ـ بەیارمەتی پاشگر و پێشگر [شەکر+دان=شەکردان]. زمانی کوردی ناوگریشی هەیە، بەڵام کەمتر چالاکە تا پاشگر و پێشگر، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا چالاکە. پێشگرەکانی زمانی کوردی زۆرن[ڕا، ڕێ، ڕۆ، تێ، هەڵ، نە، وەر، پێ، دا، لێ، بە، بێ، هاو] هەندێجار دوو پێشگر، یان پێشگرو پاشگریش بەشداری دەکەن[هاوڕێیەتی، هەڵگەڕانەوە.] سەبارەت بە پاشگرەکان. زۆر بە فراوانی بەشداری زاراوەسازی دەکەن، بۆ نموونە چەندین پاشگرمان هەیە

# ڕۆمانی (پاییز دوا وەرزی ساڵە)ی نەسیم مەرعەشی و چەند سەرنجێک

حەمە مەنتک






بە بڕوای من ئەدەبیاتی گێڕانەوە لە ئێران زۆر قەرزداری (هۆشەنگ گوڵشیری)یە. دەمەوێ بڵێم ئەو دێت لە ڕێی ڕۆمان و چیرۆکەکانییەوە شێوازێکی نوێی گێڕانەوە لە ڕۆمان و چیرۆکدا دادەهێنێ. ڕەنگە ئەم هەوڵە بە تەنێ نەکرابێت، بەڵام ئەو بناغەدارێژەریەتی. ئەم ڕۆماننووسە ڕستەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشی هەیە، من کۆی هەوڵەکانی بۆ نوێکردنەوەی ڕۆمان و چیرۆک لەوەدا کورت دەکەمەوە، ئەو دەڵێت: «کاتێک ڕۆمانێکی باش دەخوێنمەوە، هەستەکەم تەنێ ڕستەیەک، یان ڕووداوێک نییە کە بۆ خۆیم دەبات، بەڵکوو هەموو ڕۆمانەکەیە سەرنجم دەبات». [گلشیری: 1388: ص269] . کەواتە ئەگەر ڕۆمانەکە لە یەک ڕستە، یەک وەگێڕ، یەک توخم و ڕەگەز کورت بکرێتەوە، ئەوا لەڕووی هونەرییەوە ناتەواو دەبێت. ئەم کاریگەرییە دواتر دەبێتە شێوازێک بۆ نووسینی ڕۆمان. ڕۆماننووسانی دیکە چاوی لێ دەکەن. بەتایبەت کارکردن لەناو زمانی گێڕانەوەدا کە زمان چڕدەکرێتەوە و بە ڕستەی کورت شتەکان دەردەبڕدرێن.

(پاییز دوا وەرزی ساڵە)ی نەسیم مەرعەشی، لە وەرگێڕانی (سەنگەر نازم و هیمداد حسەین)، ڕۆمانێکە لەبارەی سێ کچەوە. هەرسێکیان لە کۆلێژەوە بەیەکەوەن و هەر یەکە و گرفتاری شتێکە. گرفتی هەریەکەیان گرفتی مرۆڤی سەردەمە، مرۆڤگەلێک بە چەندین دەردەوە دەناڵێنن. ڕۆمانەکە زمانێکی ڕەوان و بێ گرێی هەیە، ئەمەیش لە دەقە فارسییەکەدا وای کردووە زمانەکەی ڕیتمدار بێت. لە کاتی خوێندنەوەدا خوێنەر هەست بە ڕیتم و مۆسیقایەک لە زمانەکەیدا دەکات، خوێندنەوە خێراتر دەکات، چونکە کەمترین وەسفی تێدا بەکارهاتووە. بەڵام لە وەرگێڕانە کوردییەکەدا هەمان ئەو ڕیتم و مۆسیقایە نەپارێزراوە و هەستی پێ ناکرێ.

ڕۆمانەکە لە دوو بەشدا: هاوین و پاییز، ڕووداوەکانی دەگێڕدرێنەوە، هەر بەشەی لە سێ پار پێکهاتووە. هەر پارەی کچێک ڕووداوەکانی ژیانی خۆی پێوەندی بە ئەوانی دیکەوە دەگێڕێتەوە. سەرەتا (لەیلا)، دواتر (شەبانە) و پاشان (ڕۆجا). هەرسێکیان دەکرێ بڵێین هەمان ژیانیان هەیە، بەڵام وا خەیاڵ دەکەن ژیانیان جودایە. (لەیلا) هاوسەرەکەی جێیهێشتووە و بۆ خوێندن چووە بۆ دەرەوەی وڵات. (شەبانە) کوڕێک لە کۆمپانیا دەیەوێ هاوسەرگیری لەگەڵ بکا، بەڵام لەبەر برا کەمئەندامەکەی ناتوانێ و (ڕۆجا)ش دەیەوێ بچێت لە فەرەنسا دکتۆرا بخوێنێ و ڤیزای پێ نادرێت. یەکێک لە جوانییەکانی ئەم ڕۆمانە ئەوەیە خوێنەر دەتوانێت خۆی تێدا ببینێتەوە، واتە مرۆڤ ناتوانێ لە دەرەوەی ڕۆمانەکە بوەستێ، هەمان هەستی شەبانەی دەبێت، کاتێک خەمی ئەوەیەتی ئەگەر مێرد بکات، کێ چاوی لە براکەی دەبێت. لەگەڵ هەموو ئەمانە گەلێک لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵی ئێرانی پیشان دەدات. (لەیلا) جووڵێنەری هەردوو هاوڕێکەیەتی، ئەمەیش واتای ئەوە نییە (لەیلا) ڕێ لەوان بگرێت، بەڵکوو ئەوان خۆیان ڕووداو و گرفتەکانی خۆیان دەگێڕنەوە. واتە ئەوان سێ ڕووی یەک ژنن.

(لەیلا) کەسێکی عاشقە، لەگەڵ (میساق)ی خۆشەویستی هاوسەرگیریان کردووە، بەڵام عەشقەکەیان بە جودابوونەوە کۆتایی هاتووە. (میساق) زۆر داوای لێ دەکات لەگەڵی بچێت بۆ تاراوگە و لەوێ بخوێنن، بەڵام (لەیلا) عەودالی یەک وشەیە، (نارۆم)، ئەو دەیویست مێردەکەی ئەو وشەیە بڵێت و بڵێ لەبەر تۆ نارۆم. (شەبانە)یش لە دڵەڕاوکێیەکی بەردەوامدا دەژی، ئەو نازانێ لە ژیان چی دەوێت؟

ئەوەی جێی سەرنجە (میساق) لە تێڕوانینی (شەبانە) و (ڕۆجا) وە باشتر پیشان دەدرێت، بەتایبەت (شەبانە) زۆر کاریگەرە لە (میساق) و زۆر حەز دەکات (ئەرسەلان)یش هەمان شێوەی ئەو ڕۆمانسی بێت و عاشقانە بژیەت. یەکێک لە لاوازییەکان لەڕووی تەکنیکییەوە لەم ڕۆمانەدا ئەوەیە گرفتی هەر سێ کچەکە بە یەک شێوە و ڕیتم خراوەتەڕوو، لە کاتێکدا هەریەکەیان فەزایەکی تایبەت بە خۆیان هەیە، ڕاستە لە کۆتاییدا هەرسێکیان یەک فەزای کۆمەڵایەتی کۆیاندەکاتەوە و گرفتەکانیان لە یەکدییەوە نێزیکن. هاوکات گۆشەنیگای گێڕانەوەی هەرسێکیان کەسی یەکەمی تاکە، بۆیەش زمانی گێڕانەوەیان یەک زمانە، ئەمەش وا دەکات خستنەڕووی گرفت و ژیانیان یەک ڕیتم وەربگرێت. لە ڕووی کارەکتەرسازییەوە، بەتایبەت هەرسێ کچەکە، زۆر بەهێزە، بەڵام بنیادی کارەکتەرسازیی کوڕەکان بۆ نموونە (ئەرسەلان)، (میساق) خوێنەر هەست دەکات دروستکراون، مەبەستمە بڵێم لەڕووی بنیادی کارەکتەرسازییەوە لاوازن، بۆ نموونە (میساق) هێندە بوغرایە، بە دەگمەن مرۆڤێکی وەها دەدۆزینەوە. بەڵام (لەیلا) زۆر جوان کاری لەبارەوە کراوە، کارەکتەرێکە زۆر هونەریانە ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات، چونکە دڵنیام هەموو خوێنەرێک لە ڕەگەزی مێ دەتوانێ خۆی لەناو کەسایەتی هەریەک لە کارەکتەرە کچەکاندا ببینێتەوە. ئەوەی زۆر گرینگە هەر بەشەی لە سێ گۆشەنیگای جوداوە دەگێڕێتەوە، گێڕانەوەی هەر گۆشەیەک بە یەکێک لە کچەکان دەبەخشێت و بە کەسی یەکەمی تاک ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، بۆیەش ئەوان بە ئارەزووی خۆیان هەر قسەیەک بیانەوێ دەیکەن، هەر وێنە و دیمەنێک هەبێت نیشانمان دەدەن، ناڕەزاییان هەبێت دەریدەبڕن، ئەمەیش بۆ ئەو ئازادیەی بۆ گێڕانەوە هەیانە دەگەڕێتەوە. بەڵام لە کۆتاییدا وەکوو پاییز هەرسێکیان شکست دەهێنن، لەیلا ناتوانێ میساق لە ڕۆیشتن پەشیمان بکاتەوە، ڕۆجا ڤیزای خوێندن وەرناگرێ و شەبانەیش دەبێتە شەڕی لەگەڵ ئەرسەلان و مێردی پێ ناکات.

سەرچاوە: هوشنگ گلشیری (هوشنگ): 1388: باغ در باغ، جلد اول، انتشارات نیلوفر، چاپ سوم، تهران.

بەشداری ناوی واتایی دەکەن [ی، یّتی، ایەتی، ایی، ار، ندە، ست...]یان ئەو پاشگرانەی ناوی پیشەساز پێکدێنن [ەوان، گەر، ەر،یار، ەوار، ساز، دار، مەند، چی..] ئەوانەی ناوی شوێن سازدەکەن [گە، گا، دان، ستان، زار، ەڵان] یان پاشگرەکانی بچووککردنەوە [کە، ۆکە، چە،چکە، ۆچکە، ۆڵە، ۆک، ەک، یلە.] هەروەها زاراوەسازی بەهۆی لێکدانو فرێزی چەسپاو، وەرگێڕانی زاراوەی بیانیو وەرگرتن یان قەرزکردن، هاوکات گەورەکردنی کەرەسەی خۆماڵی بەهۆی فراوانکردنی واتاو بردنی بۆ ئاست و پنتە جیاوازەکان [تاک:تاکبێژی، تاکایەتی، تاکەکەس..].

سێیەم، سەرەتا باسی درەختی خێزانە زمانەکانو پەیوەندیو کاریگەری زمانەکان لەسەر یەکدی دەکات، باسی خێزانی هیندۆ-ئەورووپییەکان دەکات کە خێزانی ئێرانیشی لێدەکەوێتەوە و زمانی کوردی یەکێکە لە ئەندامانی ئەم خێزانە. دواتریش باسی دیالێکتو زمانی ناوچەییو بەش، نامۆی[ئەدەبی]دەکات: کەنیشک و دوەت لەبری کچ، یان بەهۆی فۆنەتیکەوە-واران[باران] یان جوان لە کرمانجی سەروو (تازە)بەکاردەبرێت. دواتر توێژەر باسی زمانی یەکگرتوو، ڕێگەکانی دروستبوونو دەوڵەمەندکردنی دەکات، لە دەوڵەمەندکردندا ئاماژە بە دەوری ئەدەبو دەسەڵات، ڕاگەیاندن، بازرگانی، ئاین.. دەکات. دواتر باسی دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەکات، بۆ نموونە ئەو ناوانەی کرمانجی سەروو کە هاتوونەتە ناو زمانی یەکگرتوو [کرمانجی ناوەڕاست]: هەڤاڵ، شڤان، هێژا، ڤیان یان زاراوە: پەیڤ، چڤات، چڤاک،بزاڤ، گەنگەشە..یان ڕۆڵی دیالێکتی گۆران لەم دەوڵەمەندکردنەدا: ئارۆ،کۆسار، هۆزان، تەژنە.. ئاوەز، بەرسڤ، شیاندن، نۆژەن،زنار، ڕاڤە.. لە کۆتاییشدا توێژەر ئامارێک لەو وشانەی بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی یەکگرتوو لە دیالێکتەکان دەخاتەڕوو، کە دیالێکتی گۆران لە هەموویان زیاتر ڕۆڵی هەبووە. یەکێک لە ئەنجامەکانی نامەکە ئەوەیە کە پاشگر و پێشگر چالاکترین ڕێگەی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زاراوەی کوردین، دواتر لێکدان. هاوکات زاراوە زیاتر لە دیالێکت ڕۆڵی لەگەشەسەندنی فەرهەنگی زمانی کوردیدا هەبووە.

# پێشانگای کتێب و کۆڕی ئەدەبی؛ یان ماراسۆن و فێستیڤاڵی ڕەنگ؟

سەرکاو هادی



من دەڵێم هەموویان. بەڵام کامیان پێش کامیان؟

هەموو زانیاری و زانینی دنیا سوودی نییە ئەگەر مرۆڤ ئازاد و خۆشگوزەران نەبێت. بگرە زانیاری و زانین دەبنە مایەی زیان، دەبنە ژەهر و ڕق و کینە، بۆ کەسێکی چەپێندراو، بۆ کەسێکی نائازاد و ناخۆشبەخت. نموونەی ڕۆشنبیری کورد، کە تەنیا خورافە و ڕق بەرهەم دێنێت.

دەبێ پێش ئەوەی بخوێنیتەوە بژیت، پێش ئەوەی بیربکەیتەوە ئازاد بیت.

کورد گوتەنی ‹‹ئاوێک لەسەری بڕوات پاک دەبێتەوە››، ئەگەر مرۆڤ ئاو بێت، ئازادی جووڵە و ڕۆیشتنە، مرۆڤی ئازاد دەڕوات و بەو ڕۆیشتنە خۆی پاک دەکاتەوە. ئازادی مرۆڤ سازگار دەکات. ئەگەر نەژیایت و ئازاد نەبوویت، مێشک و ناخت دەبنە گۆمێکی مەنگی قەتیسماو، خوێندنەوە و زانین پیستریان دەکەن. وشە و ڕستەکان تێیاندا دەمرن، بۆگەن دەکەن، یان دەبنە جرۆجانەوەر و مێشومەگەزی کوشندە.

مرۆڤ دوای ملیۆنان ساڵ ژیان ئینجا نووسین و کتێبی بەرهەم هێنا. داهێنانە گەورەکانی پێش نووسین و کتێب، زۆر لەوانەی دوای نووسین و کتێب زیاتر و گرنگترن. مرۆڤ پێش ئەوەی نووسین و کتێب دابهێنێت، کشتوکاڵ، گیاناسی، گوڵناسی، پزیشکی، چەرخ، ئەستێرەناسی، ماڵداری، ئاژەڵداری، شار- دەوڵەت و دەیان شتی تری داهێنا کە بوونە بنەمای شارستانێتی.

لای ئێمە ئێستا وەرزش و هونەر و دڵداری و ئازادی تا ئەوپەڕی پێویستن بۆ تاک و کۆمەڵمان. مرۆڤمان پێویستی بە ناسینی ڕەگەزی بەرامبەرە، پێویستی بە خۆڕووتکردنەوەیە. بەبێ ئەوانە تەندرووست نابێت، بۆیە نە دەتوانێت زانست بەرهەمبێنێت نە دەتوانێت ژیانی خۆی و کۆمەڵگەی جوان بکات، نە دەتوانێت خۆشبەخت بێت. کە خۆشبەختیش نەبوو ناتوانێت زانا و داهێنەر بێت.

هۆکاری سەرەکی سەفەری گەنجانمان بۆ دەرەوەی وڵات نەبوونی و کەمدەرامەتی و دەستکورتی نییە، چونکە زۆرینەی ئەوانەی کۆچ دەکەن پارەیەکی خەیاڵی سەرف دەکەن و دەدەنە قاچاخچی. خۆیشیان دەڵێن ئێمە «پەنابەری ئابووری» نین. هۆکاری بەجێهێشتنی وڵات نەبوونی ئازادییە؛ ئازادیی کۆمەڵایەتی، ئازادیی تاک، ‹‹ژیانێکی شیاو›› وەک خۆیان دەڵێن. سەرسوڕهێنەر ئەوەیە کە هەر ئەو کۆچبەرانە خۆیان هۆکاری سەرەکی نەبوونی ئەو ئازادی و ژیانە شیاوەن. چونکە لە وڵاتیش و کە دەگەنە ئەورووپاش، دژی ئەوەن کوردستان وەک ئەورووپای لێبێت. پێیان خۆشە کچی خەڵک وەک ئەورووپایی هەڵسوکەوت لەگەڵ خۆیان بکات، بەڵام دژی ئەوەن خوشک و کچ و ژنیان وەک ئەورووپایی هەڵسوکەوت بکەن.

کاتێک دەگەنە ئەورووپا و ئەو ئازادییە بەدەستدێنن کە ژیانی خۆیان خستە مەترسی تا پێی بگەن، دژی ئەوەن کوردستان بگات بەو ئازادییە.

ڕۆشنبیری ئێمە وەک ئەو ژنانەیە کە خۆیان ئازادییان نەچەشت، نایانەوێ کچ و کچانی نەوەیان ئازاد بن. ڕۆشنبیری ئێمە نایەوێت نەوەکانی دوای خۆی ئازادیەک بژین کە ئەو فریای نەکەوت. بۆیە دەبێتە کۆنپارێز، دەبێتە کەسێکی دژەشادی، دژەئازادی، پەست و خەمۆک. بەناوی ئەوەی گوایە ئەم ئازادیە بەرەڵاییە و تێکچوونی شیرازەی خێزان و بێبەهایی و نهیلیزمە، دژایەتی هەموو جۆرە ئازادیەک دەکات. بەبێ ئەوەی بڵێ ئەی کام ئازادی ڕاستینەکەیە؟ ڕۆشنبیری ئێمە تەنیا لە گەنجیدا وشەی ئازادی بەکاردێنێ، لە 30 ساڵیەوە ئەو وشەیە لای ئەو بەکارهێنانی کەمتر و کەمتر دەبێتەوە، تا لە 40 ساڵیدا بەتەواوی لە فەرهەنگیدا دەسڕێتەوە.

ڕۆشنبیری ئێمە بانگەشە بۆ کاڵاکەی خۆی دەکات کە کتێب و خوێندنەوەیە، ئەویش چ جۆرە کتێبێک؟ سانسۆرکراو، وەرگێڕدراو لە زمانی دووەم و سێیەمەوە، کورتکراوە و شێوێندراو. بانگەشە بۆ کاڵایەک ناکات کە ئەو هیچ بەشداری لە دروستکردنیدا ناکات، یان ئەو هیچ ڕۆڵێکی تێدا نابینێ. ماراسۆن و فێستیڤاڵ و بۆنەکان، بەرهەمی ڕۆشنبیرانمان نین، بۆیە هەوڵ دەدەن بێبایەخیان بکەن.

ئەوەی شارستانێتیەکان بەگشتی و شارستانێتی یۆنانی دروستکرد، وانەکانی سوارچاکی و وێنە و وەرزش و هونەرن، نەک خوێندنی ئەدەب و فەلسەفە. ئەدەب و فەلسەفە و تەنانەت ماتماتیکیش دوای ئەو وانانە دێن. مرۆڤ لەڕێی هونەر و وەرزشەوە دەگاتە مرۆڤبوون و شارستانیبوون. هەموو داهێنانەکان لەو ڕێیەوە دەکرێن، چونکە بەبێ ئەوانە مرۆڤ تەندرووست نابێت تا بتوانێت داهێنان لە ماتماتیک و بواری زانستە سرووشتیەکاندا بکات.

ئازادی لەڕێی وەرزش و هونەرەوە دەپێورێت، چونکە ئازادی واتە دەربڕین، دەربڕین بە زمان و جەستە، دەربڕین بە زمان واتە ئەدەب، بەجەستە واتە هونەر. بەبێ ئازادیش هیچ پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی و خۆشبەختیەک بوونی نییە. پێوەری شارستانێتی ئاستی ئازادی تاک و ڕێژەی بوونی هونەر و وەرزشە لە شوێنی گشتیدا.

چەندە تاک لە شوێنە گشتیەکانی وڵاتێکدا بتوانێت تەعبیر لەخۆی بکات و ئازادانە بجووڵێت، چەندە هونەر و وەرزش لە شوێنە گشتیەکانیدا ئامادەبن، ئەوەندە ئاستی شارستانێتی بەرزە لەو وڵاتەدا.

سوودێکی تری بۆنە و ئاهەنگە گشتیەکان ئەوەیە کەش و هەوایەکی تەندرووست دەرەخسێنێ. ئەو کەش و هەوایە کۆمەڵگە دەکاتە شارستانی. هەروەها دەربڕینی شادی و بۆنە و ئاهەنگە گشتیەکان پێکهاتەکانی کۆمەڵگە تێکەڵ دەکەن، ئەمەیش دەبێتە هۆی یەکێتی چین و توێژ و پێکهاتەکان. بێ ئەو یەکێتیە نەتەوە دروست نابێت. ئەو تێکەڵبوونەیە ئاشتی و ئاوەدانی و خۆشەویستی و پێکەوەژیان بەهێز دەکات.

هەندێ کەس باس لە لایەنە خراپ و نەرێنیەکانی بۆنە و فێستیڤاڵەکان دەکەن. ئەوانە پێش ئەوەی بەتەمەندا بچن پیر بوون، پێش ئەوەی گەورەبن مردوون. ناخیان پیس و ژەهراوی بووە. بوونەتە تۆپەڵێک قین و ڕەشبینی و مەرگدۆستی و نیهیلیزم. بیانوویان ئەوەیە کە گەنجان لە بۆنەکاندا خۆیان لەیەک دەخشێنن، باوەش بەیەکدا دەکەن، دڵداری دەکەن، یەکتر ماچ دەکەن.. چونکە لەلای ئەوان گەنج نابێ ئازاد بێت، گەنج نابێ تەعبیر لە ئارەزووەکانی بکات. بیانووی تریان ئەوەیە گوایە ئەو فێستیڤاڵە لەگەڵ کولتووری ڕەسەنی کوردیدا ناگونجێت، وەک بڵێی کولتووری کوردی بوونی ماوە. وەک بڵێی خۆیان زۆر لەسەر کولتووری کوردی بژین، وەک بڵێی هەرچی کەلوپەل و خۆراک و جلوبەرگ و چالاکی و ژیانی خۆیان لەسەر مۆدێلی تورکی و سعودی و ئێرانی نەبێت. وەک بڵێی کولتووری کوردی ئەوەی سعودیە یا تورکیا یان ئێرانە.

فێستیڤاڵی ڕەنگەکان نزیکترینە لە کولتووری ڕەسەنی کوردییەوە. نەورۆز خۆی جەژنی ڕەنگەکانە. لەو وەرزەدا سرووشت و دەشتودەر فیستیڤاڵی ڕەنگەکان دەکەن، هەموو ڕەنگێک دەپۆشن. کوردیش هەزاران ساڵە لەو وەرزەدا بە جلوبەرگ و خۆراک، فێستیڤاڵی ڕەنگ دەکات. نەورۆز کۆنترین جۆری فێستیڤاڵی ڕەنگەکانە. بەدەر لەوەی ئێمەی کورد هیندۆ ئەورووپایین، واتە هەرچۆنێک بێت بە ڕەچەڵەک و کولتوور لە هندییەکانەوە نزیکترین وەک لە تورک و عەرەب. عەبا و حیجاب و پەچەی ڕەش کولتووری ئێمە نییە. هەر لە ئاڵا و سروود و جلوبەرگی ژنانمان و کەرەستە و کەلوپەلی فۆلکلۆریماندا دیارە فرەڕەنگی و ڕەنگینی و ڕەنگاوڕەنگی بنچینەی کولتووری ئێمەیە. فرەڕەنگی واتە پێکەوە ژیان. پێکەوە ژیان بنەمای کولتوور و ڕەسەنێتی ئێمەیە.

هەموو شتێکی نوێ سەرەتا بەهەڵە بەکاردێت و کێشە دروست دەکات. ئەمە مانای ئەوە نییە نەهێڵیت هیچ شتێکی نوێ لەدایک بێت. مرۆڤ بەکامڵی لەدایک نابێت. مرۆڤ بە کۆرپەیی لەگەڵ خوێن و پیسیدا دێتەدەر. یەکسەر نازانێت قسە بکات، تا ماوەیەکی زۆر خۆی پیس دەکات، ناتوانێت نان بخوات.. وردە وردە پێدەگرێت و گەورە دەبێت، بە قۆناغی منداڵی و نەوجەوانیدا تێدەپەڕێت ئینجا دەگاتە گەنجی و کامڵبوون. هەموو شتێکی تریش وەهایە. ئەگەر ئێمە لەسەرەتای مۆبایل و ئینتەرنێت تەنیا بیرمان لە لایەنە خراپەکانیان کردباوە، دەبوو نەهێڵین مۆبایل و ئینتەرنێت بێنە وڵاتمان. تەنانەت ئوتومبێلیش تەنیا ژینگە پیس ناکات و تەنیا کارەساتی هاتوچۆ دروست ناکات تا بڵێیت نابێ ئوتومبێل لە وڵاتدا هەبێت. بەکارهێنانی شتێک بەڕاستی و بە گونجاوی، کاتی دەوێت و ڕاهاتنی دەوێت. دەبێ ئێمە شتەکان بەئاراستەی ڕاستدا ببەین، نەک لەسەرەتاوە دژایەتییان بکەین و نەهێڵین لەدایک بن. ئەگەر بڕیارە تەنیا شتی بێخەوش و کامڵ لەدایک بێت، ئەوە هیچ شتێک نابێ لەدایک بێت.

کتێب و زانین..

# گەڕان بەدوای کامڵبووندا، یان ئاشکراکردنی نەزانی..؟!

عەدالەت عەبدوڵڵا*



ڕەنگە مرۆڤ زۆر لەگەڵ ئەو وتەزایەی فەیلەسوفی ئینگلیزی فرانسیس بیکۆن (1561-1626) نەبێ کە دەڵێ: خوێندنەوە، مرۆڤی تەواو دەخوڵقێنێ». ئەم بۆچوونە تەنیا لە ڕوانگەیەکی ئاینییەوە نییە کە وای دەبینێ تەواوبوون/ کەماڵ، تەنها بۆ یەزدانە (الکمال للە)، بەڵکو زانست و فەلسەفەش دەیسەلمێنن.

ئەگەر لە بواری زانستدا، زانستی دەروونناسی بە نموونە وەربگریت، بەتایبەتی لەگەڵ گەورە دەروونشیکاری نەمساوی سیگمون فرۆید (1856-1939)، ئەوا بۆت ڕوون دەبێتەوە کە دەزگای دەروونی مرۆڤ Psychology، وەکچۆن دەزگایەکی ئاڵۆزە، بە هەمان ئەندازەش دەزگایەکی دابەشبووە. کەسایەتیی مرۆڤ، بەرکەوتەی ململانێی نێوان سێ ڕەگەز، یان سێ سیستەمە لە سایکۆلۆژیای خۆیدا:

– **یەکەمیان:** (Id) کە کانگای حەز و چێژە، بەهۆی ئەمەشەوە، دەبینی کە کەم و زۆر، لۆژیک و ئاکار و واقع، ڕەچاو ناکات!

– **دووەمیان**:Super-ego ، کە کانگای بایەخدانە بە ئاکار و بەها کۆمەڵگەییەکان و هاوکات بە عەقڵ و پرەنسیپەکان، لەبەرامبەریشدا دوورکەوتنەوە لە کردەوە ڕەمەکی و حەزخوازییەکان.

– **سێیەمیشیان:** Ego کە ئیشی ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان هەردوو سیستەمە دژبەیەکەی پێشتری دەزگای سایکۆلۆژی مرۆڤ و کەسایەتییەتی.

بەم هەڵکەوتە سایکۆلۆژییەش، مرۆڤ بەهیچ جۆرێک، ناتوانێ کاملاً بێ، بەبێ ئەم ململانێ ناوەکییە سایکۆلۆژییە ناتوانێ بژی، ناشتوانێ وەڵامدەرەوەی پێویستییە سایکۆلۆژییەکان بێت هەروەک لە تیۆری هەرەمەکەی دەروونناسی ئەمریکی، ئەبراهام ماسلۆ (1908-1970)دا هەیە. ئەو ململانێیەش، بە سروشتی حاڵ، هەمیشە پێچەوانەی سەقامگیریی دەروونییە، نەبوونی سەقامگیریی دەروونیش، بە ڕێژەی جیاواز، کاریگەری لەسەر سەقامگیریی کەسێتیش هەیە لای مرۆڤەکان، ئەم بارە دەروونییەش، لە کۆتاییدا، هەر خۆی، ئیرادەی بردنە پێشەوەی ماخۆلانی کامڵبوون لای مرۆڤ، لە هەڵکشان و داکشاندا دەهێڵێتەوە، لە ئومێد و نائومێدبوون، لە هەوڵدان و ماندووبوون، بۆیە ئیرادەی زانین Knowledge-یش کە دەشێت یەکێک لە سەرچاوەکانی بریتی بێت لە کتێب و بەرهەمە ڕەمزییەکان، لەناو هەمان هاوکێشەدایە، واتە دواجار ئیرادەیەکی سنووردارە.

لەڕووی فەلسەفیشەوە هەروایە. کتێبەکان و خوێندنەوەیان مرۆڤی کامڵ دروستناکەن، بەڵکو تەنها کۆمەکی دەکەن بۆ زانینی زیاتر لەبارەی مرۆڤ و کۆمەڵگە و جیهان و گەردوون و بوونەوە. هەر لەم کایەیەدا، خودی زانین خۆیشی بێ گرفت نییە!. لەگەڵ فەلسەفەی ڕەخنەییدا، بەتایبەتی لەلای فەیلەسوفی ئەڵمانی ئەمانوێلا کانت (1724-1804)، چیتر تەنانەت زانینیش سنووری خۆی هەیە و بەتەواوی لە لووتبەرزی دەخرێت!

کانت، پێمان دەڵێ زانین ناتوانێ ڕاستیی ڕەها بەرهەم بهێنێ. ئەم فەیلەسوفەی سەدەی هەژدە، هەر زوو ئەو پرسیارانەی ورووژاند کە چیتر گومان لە توانا و هێزی زانین لای مرۆڤ بکرێت، ئەو پێیوابوو بیر و زەینی مرۆڤ تەنها توانای ناسینی دیاردە دەرەکییەکانی هەیە/ فینۆمین Phenomene، واتە ئەوانەی کە هەستیان پێدەکات و دایانخاتە ژێر تاقیکردنەوەوە، بەوەش، زانین توانای ناسینی ئەو جیهانە لەدەستدەدات کە لە دەرەوەی تاقیکردنەوە و هەستپێکردنە، واتە ئەوەی کە لەپشتی دیاردەکانەوەیە و لە خودی شتەکاندایە/ نۆمین Noumene .

بەم تیۆرە کانت-یەش، گونجاو نییە کە مرۆڤ لافی پرۆژەی کامڵبوون و گەیشتن بە ڕاستیی ڕەها لێبدات، سا ئیتر ئەم پرۆژەیە چەندیش خولیا و ماخۆلانی ناکۆتای مرۆڤ بێت لەناو مێژوودا!

کەوابێ، ئەم ڕاستییە لێکدراوە زانستییە، ئاینییە، فەلسەفییە، هەر خۆی بە تەنها بەسە بۆ ئەوەی ببینە خاوەن کۆجیتۆیەکی تایبەت و خاکی: (ئێمە هەوڵی کامڵبوون دەدەین، کەواتە ئێمە هەین»!)، بەمانایەکی تر، لەسەرمانە لە لووتبەرزی بکەوین و دان بەوەدا بنێین کە مەلەکوتی زانینی ئێمەی مرۆڤ سنووردارە، بۆیە کامڵبوونیشمان ئەستەمە. بێگومان ئێمەی مرۆڤ، وەک بوونەوەرێکی فزوڵی، هەر لە هەوڵدا دەمێنینەوە بۆ کامڵبوون و گەیشتن بە یەقین و ڕاستیی ڕەها، بەڵام بەبێ ئەوەی نە پێیان بگەین، نە هیچ گەرەنتییەکیش هەبێت بۆ ئەوەی پێیان ڕابگەین، هەر لەم ڕوانگەیەوە، خوێندنەوەش، بە هەموو فۆرم و ئاستەکانییەوە، بەتایبەتی خوێندنەوەی کتێب، تەنیا و تەنیا کۆمەکمان دەکات بۆ زانینێکی زیاتر و زۆرتر، بەڵام هاوکات بەردەوام لە پارادۆکسێکی سەیر و غەمهێنەریشدا دەمانهێڵێتەوە!: ئێمە چەند زۆر بزانین، ئەوەندەش زیاتر هەست بە نەزانیی خۆمان دەکەین!

کەواتە، دەبێ کتێبەکان بخوێنینەوە و بخوێنینەوە نەک بۆ ئەوەی کامڵ ببین، بەڵکو بۆ ئەوەی قووڵایی نەزانیی خۆمان ئاشکرا بکەین!. ئامانجی ڕەسەنی زانین-یش، گەیشتن نییە بە ڕاستیی ڕەها، بەڵکو دۆزینەوەیەکی جینالۆجییانەی چینەکانی نەزانیمان و گوتار و تێگەیشتنە هەڵەکانمانە لەناو مێژوودا، گەیشتنە بەو ڕاستییەی کە تا زۆر بزانین، تینووتر دەبین بۆ زانینی زیاتر و وردتریش هەڵە و کەموکورتی ئەو دیاردە و گوتارانەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە پێشتر وەک ڕاستی و بەڵگەنەویست قبوڵمان کردوون، بەتایبەتی کە ئەم پرۆسەیە، جگە لەوەی نەزانیمان بۆ ڕووت دەکاتەوە، هێز و دەسەڵاتیشمان بەسەر دنیای دیاردەکاندا پێ دەبەخشێت. کاتێک کە فەیلەسوفی ئەڵمانی، نیتچە (1844-1900) پێمان دەڵێت: «ویست بۆ زانین، ویستە بۆ هێز»، مانایەکی ئەوەیە کە نەزانی، هاوکات بە مانای لاوازیشە، بگرە تێکشکان و دۆڕان و لەدەستچوونە، سەرچاوەیەکی گەورەی دەستەمۆبوون و بندەستی و کۆیلایەتیشە.

لێرەوە، کتێب دەشێت ئەو ڕۆڵە مەعریفییە بگێڕێ کە چاومان بەسەر قووڵایی جەهلدا بکاتەوە، بەهەمان ئەندازەش بڕێکی زۆر لە سادەیی و خاکیبوونی زیاترمان تێدا بچێنێت. ئێمە لەمێژووی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، بە دەیان زانا و بیرمەند و فەیلەسوفمان هەیە کە تاقە خۆزگەیان لە ژیاندا تەنیا ئەوە بوو تەمەن بەشی ئەوە بکات کتێبە هێشتا نەخوێنراوە دڵخوازەکانی خۆیان بخوێننەوە، ژیان فریای ئەوەیان بخات کە بڕێکی زیاتر لەو سەرمایە ڕەمزییەی لەڕێی فکر و زانستەوە کۆیانکردووەتەوە، دەوڵەمەند بکەن و پرۆژە و کتێبی دی بەرهەم بهێنن.

ئەوان، لە کۆتاییدا کەسیان شەیدای وەهمی گەیشتن نەبوون بە ڕاستیی ڕەها، بەڵکو بە ڕەهایی لەگەڵ ئەوەدا بوون کە مرۆڤ بەبێ خوێندنەوە، بەبێ کتێب/ مەعریفە، دەبێتە گیانلەبەرێک بۆ تێرکردنی غەریزە ئاژەڵییەکانی و هیچی تر، بەوەش چێژەکانی تری ژیان لەدەست دەدات.

کاتێک کە لە مەئموون (786-833 ز) خەلیفەی موسڵمانانی سەردەمی یەکەمی خەلافەتی عەباسییەکانیان پرسی: چ شتێک بەچێژترین شتەکانە؟ لە وەڵامدا گوتی: «گەشتکردن لە عەقڵی خەڵکدا، واتە خوێندنەوەی کتێبەکان». هەر دەبێ واش بێت!، لە سەردەمی مەئموون-دا، کە سەردەمی ڕێنیسانی زانستی و فکری بوو لە جیهانی ئیسلامدا و بە هەزاران کتێب بە چاپ دەگەیشتن و توانرابوو زانست و ئەدەبیاتی یۆنانی و فارسی و سریانی بۆ سەر زمانی عەرەبی وەربگێڕدرێن، سەردەمێکی زێڕین بوو، نرخی خوێندنەوە و بەهای کتێبەکان لەوپەڕیدا بوو، چونکە تێگەیشتبوون کە کتێب و زانین، ڕێگای کەمکردنەوەی نەزانی و تێپەڕاندنی خورافات و نەریتە ڕزیوەکانی بیرکردنەوە و ڕەفتارە.

بە مانایەکی ڕوونتر، ئێمە بۆیە دەخوێنینەوە بۆ ئەوەی بڕی نەزانین کەم بکەینەوە، بۆ ئەوەی دەسەڵاتمان بەسەر دنیای دەوروبەری خۆمان و دیاردەکاندا بشکێت، لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە و نەوەکانی پێش ئێمەش، لە کۆمەڵگە و گەلانی جیاجیای دنیا، هەموو ئەو ڕاستییە هەرە سادەیەیان ئەزموون کردووە کە ئەم پێناوە هەرگیز بە ئاکامی خۆی ناگات، ئەوانەشی کە بە درێژایی مێژووی بەشەرییەت لافی گەیشتنیان بە ڕاستی، بە بوون بە خودا!، بە زانینی ڕەها، بە کۆتایی مێژوو لێداوە، ناکام و نائومێد سەریان ناوەتەوە!.

ئەمڕۆ نەک هەر خوێنەری ژیر، بەڵکو نووسەرانی گەورەی دنیای ئێمە و تەنانەت جیهانیش، لە مەراقی ئەو حەسرەتە گەورەیەدان کە لە کۆتاییدا فریای خوێندنەوەی هەزاران هەزار کتێبی تری گرنگ ناکەون کە پێویستن بۆ خوێندنەوە. ئەوان، نە تەمەن و نە ژیان و، ڕەنگە هەندێجار، نە هەلومەرجی وڵاتەکانیشیان دەرفەتی ئەو خەونەیان نەدات، کەواتە، زۆر بە سادەیی لەسەرمانە کە بڵێین: با تا لە ژیاندایین، تا تەمەن باقییە، چاڵی قووڵی نەزانی خۆمان هەڵکۆڵین، چینە کەڵەکەبووەکانی بپشکنین و ئاشکرایان بکەین. ئێمە لەم پرۆسەی هەڵکۆڵینەدا، ئەوەی دەیدۆزینەوە زێڕ و گەوهەری نەزانیی خۆمانە، دۆزینەوەی نەزانی-یش، واتە کەڵەکەکردنی زانین تەنانەت ئەگەر ئەم زانینە، هاوشان لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا، بەهۆی خراپەکاریی ئادەمیزادەوە، خراپەکارانەش بەکاربهێنرێت.



*نووسەر و ئەکادیمی

# شەمە هێستر

ڕەسووڵ سوڵتانی



جووتێک برۆی وەک کلووی بەفر بەسەر دوو چاوە پرووشەکەیدا کەپرۆکەیان کردبوو. کە قسەی دەکرد، جگەرەکەی لە لێوی نەدەکردەوە، لایەکی سمێڵە سپییەکەی بە دووکەڵی جگەرەکە زەرد و بۆز ببوو. هەر مژێکی لە جگەرەکەی دەدا، دەتگوت رۆژەڕێیەک بە قاقڕدا هاتووە و لە تینوان سیوشکەی هەڵاتووە و ئەوەی هەڵیدەمژێ دووکەڵ نییە، بەڵکو ئاوێکی روون و ساردە. لەو هەمووە دووکەڵەی بە حەزمەتەوە هەڵیدەمژت، تۆزێکی نەبێ نەدەهاتەوە دەرێ، وەک بڵێی پێی حەیف بێ بەفیڕۆی بدا. کوتە کاغەزێکی بەدەستەوە بوو. ژمارە تەلەفۆنێکی لەسەر نووسرابوو کە بە زەحمەت حەوت و چوارەکەی دەخوێنرانەوە. جگەرەکەی تەواویش ببوو هەر بە لێوییەوە بوو. رووی لە من کرد، قونچکی جگەرەکەی لەگەڵ تفێک توورڕ هەڵدا و، پێش ئەوەی قسە بکا، جگەرەیەکی دیکەی خستە نێوان لێوی و دایگیرساند و بە دەم یەکەم قوملێدانەوە گوتی: بابی بابم، ئەو ژمارەیەت پێ دەخوێنرێتەوە؟

گوتم: کام ژمارە مامە؟

کوتە کاغەزەکەی بۆ ڕاداشتم و گوتی: ئەوەی لەم کاغەزە نووسراوە کوڕم، خۆ نەخوێندەوار وەک کوێر وایە؟ هەر لەبەر خۆشییەوە وەک کفرێکی گەورەی کردبێ، گوتی: خوایە بە ناشکوری ناڵێم... چاوی لە نێوچاوم بڕیبوو، تا پێش ئەوەی زمانم بگەڕێ لە جووڵەی چاومەوە هەست بکا ئاخۆ پێم دەخوێنرێتەوە یان نا.

گوتم: بەڵێ مامە... ئەوەش ژمارەکەی.. بۆم خوێندەوە.

روخساری گەش بووەوە. گوتی: ئەوەیان پێداوم، لێرەوە تەلەفۆن بۆ کوڕەکەم بکەم. لێرە دەخوێنێ...

گوتم: ناوی چییە؟

گوتی: شەماڵ ئیبراهیم...

زەردەخەنەیەکم هاتێ و لەبەرخۆمەوە گوتم: ئەها، شەمە هێستر... ئەی لەو خوێڕییە، ئەدی بۆچی قەت ناوی باوکی نەهێنا و سەرەڕای ئەو هەمووە گاڵتەیەی پێی کرا، قەت نەیگوت باوکم ماوە...؟ سەیرە.

ئەوەم وەسەر خۆم نەهێنا، بەڵام هەستم کرد زانیویەتی دەیناسم و هیچ ناڵێم.

گوتی: لێرە دەخوێنێ، لێرە. ئەمساڵ تەواو دەبێ. هاتووم دەستێک جلوبەرگی جوانم بۆ هێناوە.

هەر ئەو جارە دیتم، هەتا رۆژێک شەماڵ، یان هەر شەمەکەی خۆمان، بە مات و خەمباری هاتەوە پۆل. قەتم ئاوا نەدیتبوو. هەر سەیری چاوی کەسی نەکرد. ڕێک هاتە سەر جێیەکەی دانیشت. من کە لە تەنیشتی دادەنیشتم، وەک جاران سیخورمەیەکم لە لاکەلەکەی کوتا، هیچ ئاوڕی نەداوە. خۆی تێکنەدا. بێدەنگ دانیشت و سەری بەردابووەوە. کە مامۆستا پێیگوت هەستە وەڵام بدەوە، ئەو گوتی مامۆستا بمبوورە ئەمڕۆ ناتوانم وەڵامی هیچ شتێک بدەمەوە و ئیدی گریا. بە کوڵ گریا و ئێمە هەموو سەرمان سورمابوو ئاخۆ شەمە بۆچی دەگری؟ یەکێک لە پشتەوەڕا گوتی: هێسترەکەی هەڵاتووە... بە پێچەوانەی جاران کە هەر یەکێک گوتبای هێستر، هەموو پێدەکەنین و چاومان دەبڕییە شەمە، ئەمجارە کەس پێنەکەنی. گوتی مامۆستا باوکم... باوکم... لەبەر هەنیسکان قسەی پێ نەکرا و ئیدی مامۆستا بردییە دەرەوە و هەتا حەفتەیەک نەماندیتەوە.... بەڵام ئیتر کە هاتەوە پۆل، ئەمجارە کەس بە گاڵتەش وشەی هێستری بەسەر زاردا نەهاتەوە و بۆ تاهەتایە وازمان لەو وشەیە هێنا و لە بوخچەی فەرامۆشیمان ئاخنی. دواییش کە کتوپڕ ون بوو، کەس بە سۆراغی نەزانی و یەکێک گوتی ماڵیان لەم شارە رۆیشتووە و چوونەتە شارێکی دیکە و یەکێکی دی گوتی خۆی رۆیشتووە و چووەتە ئەودیو و یەکێ گوتی نەخێر چووەتە ئەورووپا، ئیدی کەس لەبیری نەما. هەر ئەو نەبوو، پێشتریش رۆستەمی قالە بایزاڵ رۆیشتبوو. ئێوارەیەک رادیۆ هەواڵی شەهیدبوونەکەی خوێندەوە. رۆستەمیش هێندەی شەماڵ بزۆز بوو، بەڵام شەماڵ شتێکی تایبەت بوو. ئەو بەیانییەی مامۆستا یەک بە یەک ناومانی خوێندەوە و گەیشتە ناوی شەماڵ و ئیدی وەک جاران نەیگوت بەڵێ لێرەم، هەموو ئاوڕیان دایەوە. چونکە لە دوا کورسیی پشت پشتەوە دادەنیشت. لەوێرا زۆر جار کاغەزی گلۆڵە دەکرد و لە کاتی وانەگوتنەوەی مامۆستادا گرم بە پشتەملی یەکێکی رادەکێشا. یەک دوو جاریش بە منی گوتبوو دەڕۆم، دەڕۆم و ئیدی تاقەتی ئەو دەرس و دەورەم نەماوە. دەڕۆم تۆڵەی مامم دەستێنمەوە. دەیگوت مامم دوو شەو بوو ژنی گواستبووەوە کوشتیان. لەخۆوە، هیچیشی نەکردبوو. پاسدار کە هاتن لەسەر رێ کەوتبوونە بۆسەوە و زۆریان لێ کوژرابوو، ئیدی کاتێک دەگەنە ئاوایی، دەست لەکەس ناپارێزن. ئەوە قسەی خۆی بوو. جا دەیگوت کە دەگەنە نێو دێیەکە، هەر کەسە و لەجێیەک خۆی دەشارێتەوە. حەوشەکەی ماڵی باپیرم بیرێکی لێ دەبێ، مامم دەچێتە نێو بیرەکە، بیرەکە دەڵێن زۆر قووڵ بووە. نەنکم سێ چوار باقە گیا لەسەر بیرەکە دادەنێ و رێک لەو دەمەدا پاسدار دەگەنە بەر دەگا و ئیدی دەیهێننە دەرێ. نەنکم خۆی بەسەردا دەکێشێ. کەچی لە باوەشی ئەودا لێی دەدەن. نەنکم کە خۆی بەسەردا کێشابوو، پاسدارێک لوولەی تفەنگەکەی دەباتە بن زگی نەنکم و تەقە دەکا و مامم دەکوژێ. نەنکم هەتا مردیش قسەی پێ نەکرا. وەک شێتان هەر سەروقژی خۆی دەڕنی. شەوانە یەکبەخۆی هاواری دەکرد. هەر جارنەجارێک هاواری دەکرد، ڕەشید، لەو خوێنەدا مەلە مەکە دەخنکێی. دوای ئەوە مامە سمکۆم دەبێتە پێشمەرگە. من زۆر منداڵ بووم. تاقە جارێک دیتم، وەک خەونێک دێتەوە بیرم، شەو بوو. هاتە ماڵمان چەکێکی لەشان و فیشەکدانی بە قەدەوە. رۆژانێک دواتریش من و هاوەڵەکانم لاسایی ئەو قەد و قەڵافەتەی ئەوانمان دەکردەوە. کە لەگەڵ منداڵانی گەڕەک شەڕە گەڕەکمان دەکرد، من خۆم لێ دەبووە یەکێک لەو پیاوانەی ئەو شەوە دیتمن و پێموابوو گوللە نایانبڕێ. ئیدی مامە سمکۆشم هەر نەهاتەوە و چەند ساڵێک دواتر کە گەورە ببووم، بەسەر شینێکی دیکەی ماڵەوەماندا چوومەوە و باسی شەهیدبوونی مامم بوو. نەشیانهێشت پرسەی بۆ دابنێین. منیش لەسەری داوم دەڕۆم، تاقەتی دەرسم نییە. دەڕۆم. بەڵام لای کەس باسی مەکە. ئیدی من باسم نەکرد. تەنانەت ئەو رۆژەی کە لەسەر ئەوەی پێمگوتبوو هێستر مستێکی لێدام لووتم پڕ بوو لە خوێن، ئەو رۆژەش نەمدرکاند. یەک دوو جار گوتیشم با پێی بڵێم ترحێو هێستر بەتەمایە ببێتە پێشمەرگە، بەڵام دانم بەخۆمدا گرت و وەبیرم هاتەوە کە سوێندم بۆ خواردووە.

لەمێژ بوو بە ناوی ئێستر تووڕە دەبوو. جا تۆ لەبری ئێستر گوتبایەت هێستر، نەخێر گوتبایەت ئەو ئاژەڵەی بەرهەمی جووتبوونی نێرەکەر و مایینە، ئەو تووڕە دەبوو. نەقڵەکەی دوورە. رۆژێک لە پۆلەکەیان مامۆستا لێی پرسیبوو، باوکت ناوی چییە؟ ئەو یەکسەر گوتبووی خاڵم ناوی حەسۆیە. مامۆستا گوتبووی هەتیو، خۆ تۆ هێستر نی، من ناوی باوکتم پرسی نەک خاڵت. لەو رۆژەوە هەتیوە قۆشمەی قوتابخانە شەمەهێستریان بەستۆدا بڕی. شەمە بە ئێستای نەبێ، بزۆزی وەک خۆی نەبوو. هێلکەی لە قەل دەدزی. دەتگوت شەیتان دەرسی داداوە. هەمیشەی سەرئەژنۆی پانتۆڵەکەی دڕابوو. دەیگوت کچێکی مامم خۆشدەوێ. رۆژی وابوو لەسەر پۆل هەر نامە و شیعری بۆ کچە ئامۆزاکەی دەنووسی. ئاگای لە دەرس و دەور نەدەما. رۆژ نەبوو مامۆستا تەمبێی نەکا. ئەو گوێی لە تەمبێ و شتی وا نەبوو. مامۆستای مێژوو جارێکیان وەک تەمبێیانە گوتی دەبێ تا دەرس تەواو دەبێ لەسەر یەک پێ راوەستی. گوتی مامۆستا من سێ پێم هەیە، لەسەر کامیان؟ مامۆستا هەڵچوو. گوتی پێی سێیەمت بۆ خۆت کوڕم. وەرە دەرێ با پێت بڵێم. لەسەر پێی راستی ڕایگرت. ئارەقەی لە نێوچاوانی دەتکا، سوور سوور هەڵگەڕابوو، جاروبار لاقی چەپەی کە هەڵیهێنابوو، شۆڕ دەبووەوە و دەهات بگاتە عەرزی، مامۆستا تێی دەخوڕی.... بەرزی بکەوە دەی، داینەنێی ها. بەرزی دەکردەوە، بەلادا دەهات و خۆی دەگرتەوە. هەر مامۆستا پشتی تێدەکرد، زمانێکی لە مامۆستا دەردەکێشا و بە چاو هەڕەشەی لە من دەکرد. دەمزانی دەڵێ چی. من لە بنەوە پێی پێدەکەنیم. دەمزانی دەڵێ راوەستە، خۆ تا قیامەت لەسەر ئەو پێیە ڕاناوەستم. با دەرسمان تەواو بێ پێتدەڵێم. لێی تۆقیبووم. دەمزانی چەندە دەستوەشێنە. یەکەم حەفتەی خوێندنمان بوو. من ئەوکات باشم نەدەناسی. دیتم سێ چوارێک دەوریان گرتووە و دەیانەوێ لێی بدەن. ئەویش کۆڵی نەدەدا، نەیدەهێشت بیگرن. لەو شەڕەدا بوو کە گوێچکەی شاهۆ میرانی گەست و تا خوێنی لێ نەهات بەری نەدا. گوێچکەی شاهۆی بە ددان گرتبوو، بە شەق و پێلەقەش لە ئەوانی دیکەی دەدا. لەو رۆژەوە هەم لێی ترسام و هەم بەردڵم کەوت. ئیدی ئەوجار کەس نەیدەوێرا شەڕی پێ بفرۆشێ. هەڵبەت نەمزانی ئەو رۆژەش خەتای ئەو بووە یان ئەوانی دی. بە قسەی خۆی دەیگوت ئەوان گاڵتەیان بە پێڵاوەکانم کردووە و گوتوویانە پێڵاوەکانت دێهاتیانەن. دێهاتیانە نازانم یانی چی، بەڵام ئەوەندەی من دیتم هەر جووتێک پێڵاوی ئادیداسی لەپێدا بوو. لە دوو کراسیش زیاتر لەبەریدا نەمدی. هەڵبەت زۆربەمان وابووین. دەگمەن بوون ئەوانەی هەموو رۆژێ یان لانیکەم بە چەند رۆژ جارێک جلوبەرگی جیاوازیان لەبەردا بێ. شەمە لە وانەکانیشی زیرەک بوو. زیاد لە هەمووومان ئەو وانەکانی مامۆستای نەدەنووسیەوە. مامۆستا دەیگوت بۆ ناینووسی؟ دەیگوت ئاوا باشتر لێت فێر دەبم مامۆستا. هۆشم یەکسەر بەسەر تۆوە دەبێ، وەکی دی دەبێ زەین بدەمە نووسینەکە. مامۆستا دەمودەست لێی دەپرسیەوە، دەقاو دەق وەڵامی دەداوە، بۆیە ئیدی مامۆستا زۆری بۆ نەدەهێنا. ئێمەش ئەوەمان پێناخۆش بوو. ئیرەییمان پێ دەبرد. ئەویش بەوەی دەزانی. زۆر جار گاڵتەی پێ دەکردین و قەڵسەی لێ دەگێڕاین. بەو دواییانە بە هێسترەکەیش تووڕە نەدەبوو. دەتگوت لەگەڵی ڕاهاتووە. چونکە جاری وابوو ئیدی ناوی خۆیمان هەر نەدێنا. یەکسەر بانگمان دەکرد، هێستر، هێستر، ئەویش بەبێ ئەوەی خۆی تێکبدا دەیگوت ها سەگبابینە چیتان دەوێ... ئیتر ئەو رۆژە کە ئاوا مات و خەمبار هاتەوە پۆل، زانیم نابێ گاڵتەی پێ بکەین، زانیم لەخۆوە نییە وا تێکچووە. کە مامۆستا لەگەڵ خۆی بردییە دەرێ و هاتەوە، گوتی، شەماڵ باوکی مردووە. دەبێ ئاگاتان لێی بێ. لە دڵی خۆمدا گوتم: ئێستا دڵنیام جگەرە و پەڕ و تووتنەکەیش هێندەی شەمە خەمی ئەو پیاوەیانە...

